# خوێندنەوەی نوێژ



ئامادەکردنی: Madara Kurdish

🌹بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان🌹

مەبەستمان چیە لە خوێندنەوەی نوێژ؟ بێگومان مەبەستمان لە چۆنیەتی خوێندنەوەی هەموو ذیکر و سورەتە پیرۆزەکانە کە لەنوێژدا هەن و ئەیان خوێنینەوە، لەبەر ئەوەی سەرەکی ترین ئەرکی موسوڵمان نوێژە فەرزەکانیەتی بۆیە بە پێویستم زانی ئەم بەرهەمە بچووکە بنووسم و بڵاوی بکەمەوە تا هەموو تاکێکی کوردی موسوڵمان بزانێت کە خوێندنەوەی ذیکر و سورەتە پیرۆزەکانی ناو نوێژ چۆن چۆنیە، و ئەوەی من کردوومە هێنانی زانیاریەکانە لە دوو سەرچاوە (کە دواتر بۆت دەنووسم) کە بریتین لە شێوازی نوێژ کردنی پێغەمبەری خوا ﷺ لەتەنیشت هەر کام لە ذیکرەکان تەنها شێوازی خوێندنەوەکەیم زیاد کردوە و نووسیوەتەوە بە پیتە کوردیەکان بەم ڕەنگە سورە تەنها بۆ مەبەستی فێربوون بۆ ئەو کەسانەی کە نازانن عەرەبی بخوێننەوە و هیچ عەرەبی نازانن ، بەهیوا سوود

٢٠٢٣/٣/٩

با بەناوی خوا دەست پێبکەین:

1 ـ نوێژخوێن ڕوو لە قیبلە دەکات ـ کە کەعبەی پیرۆزە ـ بەوەستانەوە ، بەهەموو لەشیەوە لە هەر کوێیەك بێت (جگە لە کاتی ترس و نەخۆشی دا بە پێی توانا دەبێت .)، لە گەڵ بوونی نیەتی کردنی ئەو نوێژەی کە ئەیەوێ ئەنجامی بدات لە دڵدا ، لەو ڕووی حوکمەوە : ئایا نوێژەکە فەرزە یان سوننەتە ، لە ڕووی کاتیشەوە : ئایا نوێژەکە نوێژی بەیانیانە ، یان نوێژی نیوەڕۆیە ، یان نوێژەکانی ترە ، ناشبێ نیەتەکەی بە زمان بڵێت لە بەر وارد نەبوون ونەسەلماندنی ئەو کردارە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ ، لە گەڵ دانانی سوترەیەك لە پێشی دا ( ، بەتاك نوێژەکەی ئەنجام بدات یان پێش نوێژ بێت بۆ کەسانی تر ( واتە : إمام ) لەم کردارەشی شوێن کەوتەی ووتەی پێغەمبەری خوا دەبێت ﷺ کە فەرموویەتی :" لا تصل إلا إلى سترة ، ولا تدع أحداً يمر بين يديك ... " رواه ابن خزيمة بسند جيد .
واتە : نوێژ مەکە ئیللا ڕووەو سوترەیەك نەبێت ، ڕێگەش بە کەس مەدە بە بەردەستتدا تێپەر ببێت ...
سوترە : شتێکە نوێژخوێن لە پێش خۆیدا دایدەنات ، لە دووری ڕێڕەوی شەکێك ، لە شوێنی سوژدەکەیەوە .

2 ـ پاشان تەکبیرەی ئیحرام دادەبەستێت بەوەی کە دەڵێت : ( الله أكبر = ئەڵڵاهو ئەکبەڕ ) ، لە گەڵ تێڕوانینی بۆ شوێنی سوژدەکەی ، لە کاتی ووتنی تەکبیرەی ئیحرام هەردوو دەستی بەرزدەکاتەوە تاکو ئاستی شانەکانی ، یان تاکو ئاستی گوێکانی ، هەردوو شێوەکەش وارد و سەلمێنراوە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ ، پاشان دەستە ڕاستی لە سەر دەستە چەپی لە سەر سنگی دادەنێت ، هەر وەکو چۆن لەو فەرموودەیەدا واردبووە کە (أبو داود وابن خزيمة وأحمد ) بە سەنەدێکی ( صحيح ) دەیگێرنەوە ، ئـــەو فـــەرمـــوودەیـــەش کـــە پێچەوانـــەی ئەم فەرموودەیە بێت ئـــەوا ( صحيح ) نی یە .

3 ـ پێویستیشه له سەر نوێژخوێن بیری لەلای نوێژەکەی بێت ( واته : خشوعی هەبێت ) چاوەکانیشی بەئاسماندا نەگێڕێت ، و به لای ڕاست و چەپدا چاو نەگێڕێت ، له بەر نەهی کردنی پێغەمبەری خوا ﷺ لەهەموو ئەمانە .

4 ـ پاشان نوێژەکەی دەست پێدەکات به یەکێك لەو زیکرانەی که واردن له پێغەمبەری خواوه ﷺ لەوانەش پێغەمبەری خوا ﷺ دەیفەرموو : " سبحانك اللهم وبحمدك وتبارك اسمك ، وتعالى جَدُّك ، ولا إله غيرك = سوبحانەکەڵلاهوممە وە بیحەمدیکە وە تەبارەکەسموکە وە تەعالا جەددوکە وە لا ئیلاهە غەیروک). واته : خودایه پاکی و بێ گەردی و ستایش بۆتۆیە، وە ناوی تۆ پیرۆز بێت و فەڕو بەرەکەتی زۆر بێت و گەورەیی و دەسەڵاتت بڵند بێت و هیچ پەرستراوێک نیە بەهەق جگە لەتۆ ." ، یان هەر زیکرێکی تر جگه لەم زیکره ،
یاخود بڵێ: (اللَّهُمَّ بَاعِدْ بَيْنِي وَبَيْنَ خَطَايَايَ = ئەڵلاهوممە باعید بەینی وە بەینە خەطایای ، كَمَا بَاعَدْتَ بَيْنَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ = کەما باعەتتە بەینەل مەشریقی وەل مەغریب، اللَّهُمَّ نَقِّنِي مِنْ خَطَايَايَ = ئەڵلاهوممە نەققینـی مینەل خەطایا ، كَمَا يُنَقَّى الثَّوْبُ الْأَ بْيَضُ مِنَ الدَّنَسِ = کەما یونەققاثثەوبول ئەبیەضو مینەددەنەس، اللَّهُمَّ اغْسِلْنِي مِنْ خَطَايَايَ بِالثَّلْجِ وَالْمَاءِ وَالْبَرَدِ = ئەڵلاهوممەغسیلنی مین خەطایایە بیثثەلجی وەل مائی وەل بەرەد). واته: خودایه نێوان من و گوناهەکانم دوور بخەرەوە وەک چۆن ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوات لەیەک دوورخستۆتەوە، خودایه لەگوناهەکانم پاکم بکەرەوە هەروەکو چۆن کراسی سپی لەچڵک پاک دەبێتەوە، خودایه له گوناهەکانم بمشۆرەوە به بەفر و باران و تەرزە .

5 ـ پاشان پەنا دەگرێت به خوای پەروەردگار له خراپەی شەیتانی دەرکراو له ڕەحمەتی خوا ( ﴿أَعُوذُ بِاللَّهِ مِنَ الشَّيطَانِ الرَّجِيمِ﴾ ئەعـوذو بیللاهی مینەششەیـطـانیرڕەجیـم ) .

6 ـ پاشان سورەتی [ الفاتحة ] بەتەواوی دەخوێنیتەوە "خوێندنەوەی فاتیحە لە هەموو ڕکاتەکاندا واجیبە و روکنێکە لە روکنەکانی نوێژ، بەبێ خویندنی فاتیحە نوێژەکەت تەواو نابێ" ـ کە ( بسم الله ) ش ئایەتێکە لێ ی ـ ، سوننەتیش وایە ئایەت ئایەت جیا لە یەك بیانخوێنێ ، بەشێوەیەك لە کۆتایی هەموو ئایەتێك بوەستێ :

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَـٰنِ ٱلرَّحِيمِ ﴿١﴾ بیسمیللاهیڕڕەحمانیڕڕەحیم ﴿١﴾

ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَـٰلَمِينَ ﴿٢﴾ ئەلحەمدو لیللاهی ڕەببیل عالەمین ﴿٢﴾

ٱلرَّحۡمَـٰنِ ٱلرَّحِيمِ ﴿٣﴾ ئەڕڕەحمانیڕڕەحیم ﴿٣﴾

مَـٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ ﴿٤﴾ مالیکی یەومیددین ﴿٤﴾

إِيَّاكَ نَعۡبُدُ وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ ﴿٥﴾ ئییاکە نەعبودو وە ئییاکە نەستەعین ﴿٥﴾

ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ ﴿٦﴾ ئیهدینەصصیراطەل موستەقیم ﴿٦﴾

صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمۡتَ عَلَيۡهِمۡ غَيۡرِ ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ ﴿٧﴾ صیراطەللەذینە ئەنعەمتە عەلەیهیم غەیریل مەغضوبی عەلەیهیم وەلەضضاللین ﴿٧﴾

7 ـ پاشان ئەوەندەی کە لە توانایدایە لە گەڵ سورەتی [ الفاتحة] دا قورئانی پیرۆز دەخوێنێتەوە ، سوننەتیش وایە لە ڕکاتی یەکەمدا زیاتر درێژی بکاتەوە تاکو ڕکاتی دووەم ، بەنموونە سورەتی ( الإخلاص )

﴿بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَـٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ بیسمیللاهیڕڕەحمانیڕڕەحیم

قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ﴿١﴾ قول هوەڵڵاهو ئەحەد﴿١﴾

ٱللَّهُ ٱلصَّمَدُ﴿٢﴾ ئەڵڵاهوصصەمەد﴿٢﴾

لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ﴿٣﴾ لەم یەلید وەلەم یولەد﴿٣﴾

وَلَمْ يَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدٌۢ﴿٤﴾ وەلەم یەکوللەهو کوفوەن ئەحەد﴿٤﴾

«(تێبینی: لەکتێبیکی تردا سورەتی فاتیحە و جوزئی عەممە بەم شێوازە نووسراون تەنها بۆ مەبەستی فێربوون بۆ ئەوکەسانەی عەرەبی نازانن« )»، لەم لینکەوە ئەتوانی دایبگریت:

https://www.mediafire.com/file/j9rqb3i3jqw09mf/%F0%9F%8C%B9%D8%AE%D9%88%DB%8E%D9%86%D8%AF%D9%86%DB%95%D9%88%DB%95%DB%8C%DB%8C_%D9%82%D9%88%D8%B1%D9%8A%D9%94%D8%A7%D9%86%DB%8C_%D9%BE%DB%8C%D8%B1%DB%86%D8%B2%F0%9F%8C%B9%E2%9C%85.pdf/file

8 ـ ڕێ پێ دراویشە لــە شەرعدا بــۆ ئەو کەسانەی کە لــە پشت پێشنوێژەوە نوێژ دەکــەن ( واتە : المقتدي و المأموم ) ئەگەر پێشنوێژ خوێندنەکەی لە لا تێکەڵ بوو بۆی ڕاست بکاتەوە ، یان لە کاتێکدا ئایەتەکانی لە لا تێکەڵ دەبێت ، چونکە ئەم کردارە ڕووی داوە بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ لە گەڵ هاوەڵە بەڕێزەکانی ـ ڕەزای خوایان لێ بێت ـ

9 ـ کە نوێژخوێن لە خوێندنەوەی قورئان دەبێتەوە ، ساتێکی کەم بێدەنگ دەبێت ، پاشان دوو دەستی بەرزدەکاتەوە ، و ( الله أكبر = ئەڵڵاهو ئەکبەڕ ) دەکات ، پاشان کڕنووش دەبات بەشێوەیەك تاکو لەشی لە جووڵە دەکەوێ ، و دەستەکانی لە سەر ئەژنۆکانی دادەنێت و لێیانی توند دەکات ، لە گەڵ بڵاوکردنەوەی پەنجەکانی لە یەکتر وەکو ئەوەی بڵێی ئەژنۆکانی گرتبێ ، پشتیشی درێژ و پان دەکاتەوە ، و سەریشی لە ئاستی پشتی دادەنێت بەشێوەیەك نە نزمتری کردبێتەوە لە ئاستی پشتی نەش بەرزتری کردبێتەوە ، بەڵکو لە ئاستی پشتی دەیوەستێنێ .

10 ـ وە لە کڕنووشەکانیدا دەڵێت : (سبحان ربي العظيم = سوبحانە ڕەببیەل عەظیم ) ، یان هەر زیکرێکی تر کە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ واردوو ، و سەلمێنراوبێت ، ئەوەش سێجار یان زیاتر ، وە ناشبێ نوێژخوێن لە کڕنووش و سوژدەکانیدا قورئانی پیرۆز بخوێنێت .

11 ـ پاشان هەڵدەسیتەوە لە کڕنووشەکەی ، لە کاتی هەستانەوەکەشی دەڵێت : ( سمع الله لمن حمد = سەمیعەڵڵاهو لیمەن حەمیدەهـ ) لە گەڵ بەرزکردنەوەی هەردوو دەستی ، کە ڕادەوەستێت و ڕێك دەبێتەوە ، دەڵێت : ( ربنا و لك الحمد = ڕەببەنا وە لەکەل حەمد) ، یان هەر زیکرێکی تر کە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ واردوو وسەلمێنراوبێت .

12 ـ پاشان ( الله أكبر = ئەڵڵاهو ئەکبەڕ ) دەکات و سوژدە دەبات ، و متمانە دەکاتە سەر ناو لەپەکانی بە کراوەیی ، و لە گەڵ بەیەکەوە لکاندنی پەنجەکانی هەردوو دەستی ، و ڕووکردنیان لە قیبلە ، باڵەکانیشی نالکێنێت بە زەویەوە ، لەبەر بوونی نەهی لەو کردارە ، و نیوچاوان و لووتی لە زەوی جێگر دەکات لە گەڵ هەردوو چۆکەکانی ، لە گەڵ چەقاندنی پەنجەکانی بە زەوی دا ، و دەڵێت :
( سبحان ربي الأعلى = سوبحانە ڕەببیەل ئەعلا ) سێجار یان زیاتر .

13 ـ پاشان سەر بەرزدەکاتەوە و ( الله أكبر = ئەڵڵاهو ئەکبەڕ ) دەکات ، تاکو جەستەی لە جوولە دەکەوێت ، پێی چەپی ڕادەخات و لە سەری دادەنێشێت ، پێی ڕاستیش بە زەویدا دەچەقێنێت ، لەم دانیشتنەشی(کە لەنێوان دوو سەجدەکەدایە) دەڵێت : (رَبِّ اغْفِرْ لِي وَارْحَمْنِي = ڕەببیغفیر لی وەڕحەمنی).
واتە: خودایە لێم خۆشبە و ڕەحمم پێ بکە، یان دەتوانی بەتەنها بڵێی: (رَبِّ اغْفِرْ لِي = ڕەببیغفیر لی) و دووبارەشی بکەیتەوە .

14 ـ پاشان جارێکی تر ( الله أكبر = ئەڵڵاهو ئەکبەڕ ) دەکات و دەچێتە سوژدەی دووەمەوە ، هەموو ئەو شتانەش تیایدا دووبارە دەکاتەوە کە لە سوژدەی یەکەمدا کردوویەتی و دەڵێت : ( سبحان ربي الأعلى = سوبحانە ڕەببیەل ئەعلا ) سێجار یان زیاتر .

15 ـ پاشان دانیشتنێکی کەم دادەنیشێ کە پێی دەوترێت ( جلسة الإستراحة ) ، دوای ئەوە هەڵدەسێتەوە (بۆ ڕکاتی دووهەم) بە متمانە کردنی لە سەر دەستەکانی کە بەستراون وەکو دەستەکانی هەویر شێل ، ئەوەش پێچەوانەی ئەوەبێت ، سەنەدی هیچیان ( صحيح ) نی یە .

16 ـ له ڕكاتى دووەميشدا هەموو ئەوانە ئەنجام دەدات كە لە ڕكاتى يەكەمدا ئەنجامى دابوو ، بەڵام زيكرى دەست پێكردنى نوێژ دووبارە ناكاتەوە .

17 ـ كە لە ڕكاتى دووەم دەبێتەوە ، بەو شێوە دادەنيشێت كە لە خاڵى ( 13 )دا ڕوون كراوەتەوە، كە پێى دەوترێت ( الإفتراش) ، و دەستى ڕاستى لە سەر ڕان و ئەژنۆى ڕاستى دادنێت ، دەستى چەپيشى دەكاتەوەو لە سەر ڕان و ئەژنۆى چەپى دادەنێت ، پەنجەكانى دەستى ڕاستى دەبەستێت ، و پەنجە گەورەشى لە سەر پەنجەى ناوەڕاستى( واتە : پەنجەى هەڵمەقووتە ) دادەنێت ، و پەنجەى شايەتومانى ڕوو دەكات لە قيبلەو چاويشى تێ دەبڕێت ، و دەيجولێنێتەوە و **تەحيات** دەخوێنێت و پێى دەپارێتەوە لە سەرەتاى تەحيات خوێندنەكەى تاكو كۆتايى ، لە بەر جێگر بوون ، و واردبوونى ئەم كردارە لە پێغەمبەرى خواوە ﷺ ، هەروەكو چۆن ( وائل ) ى كوڕى ( حجر ) ڕەزاى خواى لێ بێ بۆى گێڕاوينەتەوە ، فەرموودەكەشى ( أبو داود و النسائى و أحمد ) لێيەوە دەيگێڕنەوە ، و ( ابن خزيمة و ابن حبان ) و جگە لەمانيش بە ( صحيح ) ى دادەنێن ، ئەوەش پێچەوانەى ئەمە بێت ئەوا ( شاذ )ە ، چونكە پێچەوانەى يەكێك لە گێڕەرەوەكانى هەمان فەرموودەيە ، وە پێچەوانە بوونەوەشە لە گەڵ كەسێكى ئەولاتر لە خۆى .

18 ـ تەحياتەكەشى بە بێدەنگى(بەدەنگى نزم) دەخوێنێتەوە ، چەند شێوەيەكيشى هەيە لەوانە : " التحيات لله والصلوات و الطيبات ، السلام على النبي ورحمة الله وبركاته ، السلام علينا وعلى عباد الله الصالحين ، أشهد أن لا إله إلا الله ، وأشهد أن محمداً عبدُه ورسولُه = ئەتتەحيياتو ليللاهى وەصصەلەواتو وەططەييبات ، ئەسسلامو عەلەننەبيى وە ڕەحمەتوڵڵاهى وە بەڕەكاتوهـ ، ئەسسەلامو عەلەينا وە عەلا عيباديللاهيصصاليحين ، ئەشهەدو ئەللا ئيلاهە ئيللەڵڵاهـو وە ئەشهەدو ئەننە موحەممەدەن عەبدوهو وە ڕەسولوهـ "

19 ـ پاشان صەڵاوات دەدات لە سەر پێغەمبەری خوا ﷺ بە یەکێك لەو شێوانەی کە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ وارد بووە ، لەوانەش :" اللهم صلِّ على محمد وعلى آل محمد ، وبارك على محمد وعلى آل محمد ، كما صليت وباركت على إبراهيم وعلى آل إبراهيم ، إنك حميد مجيد = ئەڵڵاهوممە صەللی عەلا موحەممەدیو وە عەلا ئالی موحەممەد ، وە باریک عەلا موحەممەدیو وە عەلا ئالی موحەممەد ، کەما صەللەیتە وە بارەکتە عەلا ئیبرٍاهیمە وە عەلا ئالی ئیبرٍاهیم ، ئیننەکە حەمیدوممەجید "

ئەم صەڵاواتە یان هەر صەڵاواتێکی تر بخوێنە کە لە سوننەت دا هاتبێ ، وەك : " اللهم صل على محمد وعلى آل محمد كما صليت على إبراهيم وعلى آل إبراهيم إنك حميد مجيد اللهم بارك على محمد وعلى آل محمد كما باركت على إبراهيم وعلى آل إبراهيم إنك حميد مجيد = ئەڵڵاهوممە صەللی عەلا موحەممەدیو وە عەلا ئالی موحەممەد ، کەما صەللەیتە عەلا ئیبرٍاهیمە وە عەلا ئالی ئیبرٍاهیم ئیننەکە حەمیدوممەجید ، ئەڵڵاهوممە باریک عەلا موحەممەدیو وە عەلا ئالی موحەممەد کەما بارەکتە عەلا ئیبرٍاهیمە وە عەلا ئالی ئیبرٍاهیم، ئیننەکە حەمیدوممەجید"

20 ـ ئەگەر نوێژەکەی دوو ڕکاتی بوو ئەوا سەلام دەداتەوە ـ هەروەکو ئەوەی کە دێت ـ ئەگینا ( الله أكبر ) دەکات و هەڵدەستێتەوە بۆ ڕکاتی سێیەم و دەستەکانی بەرز دەکاتەوە ، لەم ڕکاتەو لە ڕکاتی چوارەمیش دا چی لە ڕکاتی دووەمدا ئەنجام داوە تیایاندا ئەنجامی دەدات ، پێویستیشە لە هەموو ڕکاتێکدا سورەتی ( الفاتحة) بخوێنێت

21 ـ پاشان دادەنیشێت بۆ خوێندنەوەی تەحیاتی کۆتایی ، چیشی لە تەحیاتی یەکەمدا ئەنجامدابێ لێرەشدا ئەنجامی دەدات ، بەڵام شێوەی دانیشتنەکەی بەشێوەی ( التورُّك ) دەبێت .
کەبریتی یە : لە دانانی پێی چەپی لە ژێر قاچی ڕاستی کە چەقاندوویەتی بە زەویدا ، پاشان تەحیات دەخوێنێت و صەڵاواتیش دەدات لە سەر پێغەمبەری خوا ﷺ ، بەو شێوەیەی کە لە خاڵەکانی پێشوودا ڕوونمانکردۆتەوە , پاشان پەنا دەگرێت بە خوای پەروەردگار لە چوار شت ئەوەش بەم شێوەیە : " اللهم إني أعوذ بك من عذاب جهنم ، ومن عذاب القبر ، و من فتنة المحيا والممات ، ومن شر فتنة المسيح الدَّجال = ئەڵلاهوممە ئینی ئەعوذو بیکە مین عەذابی جەهەننەم ، وە مین عەذابیل قەبڕ ، وە مین فیتنەتیل مەحیا وەل مەمات ، وە مین شەرری فیتنەتیل مەسیحیل دەججال " ، پاشان هەردوعاو پاڕانەوەیەکی هەبێ بەدڵ دەیکات

22 ـ پاشان سەلام دەداتەوە بۆ کۆتایی هێنان بە نوێژەکەی ، بە یەکێك لەم شێوانەی خوارەوە :
( أ ) (السلام عليكم ورحمة الله وبركاته = ئەسسلامو عەلەیکوم وە ڕەحمەتوڵڵاهی وە بەڕەکاتوهـ) بەلای ڕاستدا ، و( السلام عليكم ورحمة الله = ئەسسلامو عەلەیکوم وە ڕەحمەتوڵڵاهـ) بەلای چەپدا .
( ب ) هەمان شێوەی یەکەم بە لابردنی ( وبركاته ) لە سەلامی یەکەم دا ، جگە لەم دوو شێوەیەش شێوەی تر واردە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ .

تێبینی : نوێژخوێنی بەڕێز : ئەوە بزانە کە نوێژی پیاو و ژن هیچ جیاوازیەکیان لە نێواندا نییە ، لە بەر گشتێتی ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ تیایدا فەرموویەتی : " إنما النساء شقائق الرجال " صحيح الجامع : 2329 . ، واتە : ژنان هاوشان و برای پیاوانن .ئیللا مەگەر جیاوازیەك بە پێی فەرموودەی ( صحيح ) ی پێغەمبەری خوا بێت ﷺ .

تێبینی : هیچ فەرموودەیەکیش نەهاتوە لەو فەرموودانەی کە سەبارەت بە چۆنێتی دەستنوێژ و نوێژی پێغەمبەری خوا ﷺ باسم کردوون بکرێت بە بەڵگە بۆ ئەو جیاکاریە ، بەڵکو هەندێك فەرموودە هاتوون لەو بارەیەوە ، بەڵام هەموو ( ضعيف )ن ، و زانایانی فەرموودە و لێکۆڵەروان ئەوەیان ئاشکرا کردووە .

.............................................

بۆ هەر تێبینی و سەرنجێک پەیوەندیم پێوە بکە:

Facebook = Madara kurdish

.............................................

سەرچاوەکان:

١. https://walamakan.com/868

٢. http://gulabakh.weebly.com/16701734160617401607zwnj15781740-1606160817421688-1603158515831606.html